(دابرانم مەحالە)

شێتبوونی من لە چینە بەرزەکانی
ئاسمانی خۆشەویستی خۆ بە شێتبوون
دانانرێ ...
شکانی لالەی رووناکی لەلای من
لەکاتی گڕگرتنی سۆزی من بۆ تۆ
خۆ بەشکان دانانرێ
نازانم ژوانی کامە بەهارستان بوو
من و تۆی تێکەڵ بە عەتری
خۆشەویستی کرد ...
خۆشەویستییەکی چەند ئالۆزبوو
ئالۆزتر لە عەشق
هەستێکی چەند ناسك بوو
ناسکتر لە پەڕەکانی گوڵ
کاتێکی چەند سادەبوو
سادەتر لەساکار بوون
دوورترین یان نزیکترین هەست بوو
لەخەونەکانی ئاگر
جوانترین یان ئەزیزترین یادگاری بوو
لەتنۆکە شەرمنەکانی باران
کە منی مەستی لەگەڵ تۆ هینا گۆ
لە شەقامە سەهۆڵبەندەکانی شەیدابوون
نازانم لەئالۆزییەکان چۆن بێمە دەرەوە ..
لەقوڵاییەکان چۆن سەرکەومەوە ...

خۆ ناتوانم لەیادت کەم

لەیادکردنت گۆڕی عەشقم

نیشان ئەدا

ناشتوانم بتبینم

کە روخسارت سیمای جوانی گرتووە

کە وشەکانت مەرجانی هەنگوینیان وەرگرتووە

ئەزانم ئەتەوێ لەگەل تریفەی مانگی

بە سۆزترین شەو تێکەڵم کەی

لەگەڵ بەهێزترین نیگات شەهیدی رێگای

خۆشەویستی خۆتم کەی

لەنێو گەلاٚ سەوزەکانی عەشق لولدەی و

تا ئەبەد بە ژیان و هەناسە ئەسمەرییەکانم نەدەیەوە

دڵی منیش وا رۆحی مەستترین گیانی پیشکەشکردی

دەتۆش لەنێو زەردەخەنە گەرمەکانت

هەڵمگرە

لە ژێر سیبێری بریسکدارترین هەناسە

بمهێڵەوە

لەگەڵ سۆزەکانی نیگات بمژیێنە

تا هەتا بەرۆحی جوانترین پەپولەی عەشقیش

ئاشنام مەکەرەوە....

ساریژ زیاد